پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەستپێدەکرد بە تەکبیر کردن (ووتنی: اللهِ أكبر)، و (پاشان) خوێندنی {الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِينَ}

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەستپێدەکرد بە تەکبیر کردن (ووتنی: الله أكبر)، و (پاشان) خوێندنی {الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِينَ}، وئەگەر بۆ ڕکوع بردن بچووایە نە سەری بەرز دەکردەوە ونە سەری دادەگرت بەڵکو لە نێوانیاندا بوو، وئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە سوجدەی نەدەبرد هەتاوەکو بە ڕێکی دەوەستا، وئەگەر سەری لە سوجدە بردن بەرز بکردایەتەوە، (جارێکی تر) سوجدەی نەدەبرد هەتاوەکو بە ڕێکی دادەنیشت، ولە هەموو دوو ڕکاتێکدا تەحیاتی -تەشەهودی- دەخوێند، لەسەر پێی چەپی دادەنیشت، وپێی ڕاستی دەوەستاند بەسەر زەویدا، ونەهی دەکرد لە شێوازی دانیشتی شەیتان^، ونەهی کردووە لەوەی کەسێک قۆڵەکانی -باڵەکانی- (لەسەر زەوی) ڕابخات وەکو باڵ ڕاخستنی ئاژەڵە دڕندەکان^^، وبە سەلامدانەوە کۆتایی بە نوێژەکە دەهێنا». ^(شێوازی دانیشتنی شەیتان: بریتیە لەوەی سمتەکانی لەسەر زەوی بێت و لەسەریان دابنیشێت ودیوی سەرەوەی پێیەکانی لەسەر زەوی ڕابخات، یان پێیەکانی لەسەر زەوی ڕابخات و لەسەر پاژنەکانی پێیەکانی دابنیشێت)، ^^(باڵ ڕاخستنی ئاژەڵە دڕندەکان: بەوەی لە سەرە پەنجەکانیەوە هەتاوەکو ئانیشکی لەسەر زەوی ڕابخات وەکو ئاژەڵ)

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

دایکی باوەڕداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی چۆنیەتی نوێژکردنی پێغەمبەر دەکات -صلى الله عليه وسلم- دەکات کە نوێژەکەی بە تەکبیرەی ئیحرام دەست پێدەکرد، ودەیفەرموو: «الله أكبر» واتە: «خودا لە هەموو شتێك گەورەترە»، و خوێندنەوەی قورئانی بە سورەتی -الفاتحة- دەست پێدەکرد: «الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِينَ...» واتە: «سوپاس بۆ الله پەروەردگاری جیهانیان...». ئەگەر لە دوای وەستان ڕکوعی ببردایە، سەری بەرز نەدەکردەوە و نزمی نەدەکردەوە لە کاتی ڕکوع بردندا، بەڵکو بە ڕێکی و ڕاستی ڕایدەگرت، و کاتێک سەری لە ڕکوع بردن بەرز دەکردەوە؛ڕاست دەوەستا پێش ئەوەی سوجدە ببات، و کاتێک سەری لە سوجدەی یەکەم بەرز دەکردەوە؛ سوجدەی دووەمی نەدەبرد هەتاوەکو بە ڕێکی و ئارامی دادەنیشت. لە دوای هەموو دوو ڕکاتێک دادەنیشت بۆ خوێندنی تەشەهود -تەحیات- و دەیفەرموو: «التحيات لله والصلوات والطيبات...» واتە: «هەموو ستایشێکی گەورە وبە مەزن دانان تەنها بۆ خوای گەورەیە، وهەموو نوێژکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتەیە، وهەموو قسە وکردەوەیەکی باش وجوان وخێرکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتە بە دڵسۆزی ئەنجام دەدرێت...»، و ئەگەر لە نێوان دوو سوجدەکەدا یان بۆ تەشەهود دابنیشتایە؛ پێی چەپی ڕادەخست و لەسەری دادەنیشت، و پێی ڕاستی ڕادەگرت. و نەهی کردووە لەوەی کە نوێژخوێن لە نوێژەکەیدا وەکو شەیتان دابنیشێت، ئەمیش بەوە دەبێت کە پێیەکانی لە سەر زەویدا ڕابخات، و لەسەر پاژنەکانی پێیەکانی دابنیشێت، یان سمتەکانی بەسەر زەویدا بلکێنێت و قاچەکانی ڕابگرێت و دەستەکانی لەسەر زەوی دابنێت هەروەکو چۆن سەگ وا دەکات، یان نوێژخوێن قۆڵەکانی -باڵەکانی- ڕابخات و درێژیان بکاتەوە بە سەر زەوی لە کاتی سوجدەدا؛ وەک قۆڵ ڕاخستنی ئاژەڵە دڕندەکان. و کۆتایی بە نوێژەکە دەهێنا بە سەلام کردن: «السلام عليكم ورحمة الله»؛ جارێک بۆ لای ڕاست و جارێک بۆ لای چەپ.